# لێکەوتەکانی کۆتاییپێهێنان بە یونیتاد لە عێراق

**پرۆفیسۆر دکتۆر بڕیار شێرکۆ بابان**

"ڕێکخراوی داعش" بە بەرچاوی هەموو دنیا کوردانی ئێزیدی و چەندان پێکهاتەی تری عێراقی کردە ئامانج. خراپترین و بەرفراوانترین شاڵاوی لەناوبردن لە سەدەی بیست و یەکەمدا لە عێراق ڕووی داوە؛ لەسەردەمێکدا هەواڵەکان بە کلیکێك دەگاتە هەموو جیهان. تاوانەکان هێندە قێزەون بوون، ویژدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی هەژاند. دەوڵەتی داعش بۆ ماوەیەکی کەم بەردەوام بوو، بەڵام جووڵە لابەلاکان و ئایدیۆلۆژییەکەیان ئێستایش ماون.

لەو ماوە کورتەی خەلافەتی داعش لە ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٧ لە عێراق و سووریا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە توندترین شێوەی سەربازی، ئابووری و سیاسی ڕووبەڕوویان بووەوە. هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە، وەکوو بەشداربوویەکی سەرەکی لە هاوپەیمانیی جیهانیی دژی داعش، ئەکتەری یەکلاکەرەوە بوو بۆ لەناوبردنی حوکمڕانیی ئەم دەسەڵاتە تیرۆریستییە. هەر بۆ وەبیرهێنانەوە، تاوانەکانی داعش بۆ پێش نۆ ساڵ زیاتر دەگەڕێتەوە، کەچی نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نە نەتەوە یەکگرتووەکان هەنگاوێکی ڕاستەقینەیان بۆ دادگەییکردنی ئەم تاوانە نێودەوڵەتییانە نەهاوێشتووە؛ جگە لەوەی لە ساڵی ٢٠١٧دا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری پێکهێنانی "تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاڵپشتیکردنی لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش" - کە کورتکراوەکەی یونیتاد (UNITAD)ە، دەدات.

**دەسەڵاتە سنووردارەکەی یونیتاد**

لە ڕێکەوتی ٩/٨/٢٠١٧ وەزیری دەرەوە عێراق بەفەرمی داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، کە بە مەبەستی دادگەییکردنی سەرانی داعش، سوود لە شارەزایان وەرگرێت. دواتر بریتانیا و عێراق پێکەوە پرۆژەبڕیارێکیان ئامادە کرد و لەم سۆنگەیەوە لە ٢١/٩/٢٠١٧ بڕیاری ژمارە (٢٣٧٩) لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەرچوێندرا. ئامانج لە بڕیارەکە، پێکهێنانی تیمێکی نێودەوڵەتی- عێراقی بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش و پاڵپشتیکردنی لێپرسینەوە لەم تاوانانە.

دواتر، چۆنێتیی کارکردن و دەسەڵاتەکانی یونیتاد لە چوارچێوەی ڕێنماییەکی (٥١) بڕگەیی بە ڕەزامەندیی عێراق داڕێژرا. سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان "ئەنتۆنیۆ گۆتاریش" لە ڕۆژی ٣١/٥/٢٠١٨، بڕیاری دا بە دەستنیشانکردنی "کەریم ئەسعەد ئەحمەد خان"ی بریتانی وەکوو ڕاوێژکاری تایبەتی و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوە بۆ یارمەتیدانی هەوڵەکانی عێراق بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی بەڵگەکان. دوای ئەوەی "کەریم ئەسعەد خان" یەکێك لە هەستیارترین پۆستە نێودەوڵەتییەکانی وەرگرت، وەکوو داواکاری گشتیی دادگەی تاوانکاریی نێودەوڵەتی دەستبەکار بوو؛ لێکۆڵەری دادی ئەڵمانی "کریستیان ڕیچەر" وەکوو سەرۆکی یونیتاد دیاری کرا.

دەسەڵاتەکانی یونیتاد خۆی لە چەند بابەتێکی دیاریکراودا دەبینێتەوە، کە بریتین لە گەڕان و کۆکردنەوە و بەئەرشیفکردنی تاوانەکانی داعش کە لە دژی پێکهاتە جیاوازە ئەنجام دراون. کاریان لەسەر گەڕان بە دوای

گۆڕە بەکۆمەڵەکان کردووە و بەشێکیان هەڵدراونەتەوە و ڕووفاتەکان دراونەتەوە دەستی خانەوادەکانیان. هەروەها لە ڕووی بابەتییەوە ئەرکەکانیان پەیوەست کراوە بە تاوانە نێودەوڵەتییەکان (جینۆساید، تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ). لەم دەروازەیەوە چەندان بابەتی تر لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە؛ بۆ نموونە بەدەستهێنان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی لەلایەن داعش و، کار لەسەر ڕێڕەوی پارەدارکردن (تمویل)ی داعش کراوە، کە چۆن لە دەرەوە و ناوەوە ئەم بابەتە ئەنجام دراوە؛ هەرچەندە بابەتی پارەدارکردن لە بنەڕەتدا ڕاستەوخۆ ناچێتە چوارچێوەی بابەتی تاوانە نێودەوڵەتییەکان. یونیتاد ئامادەیە کە ئەم بەڵگەنامانە لەگەڵ عێراق و وڵاتانی تر ـ وڵاتانی سێیەم ـ بەش بکات بە مەبەستی دادگەییکردنی سەرانی داعش؛ هەروەك بۆ نموونە لە پێش دادگەی باڵای هەرێمی لە "کۆبلنز"ی ئەڵمانیا لە مانگی ٦ی ٢٠٢٣ سوود لەم بەڵگەنامانە وەرگیرا. شایەنی گوتنە، حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش هاوکار و یارمەتیدەری سەرەکیی یونیتاد بووە، هەروەکوو لە ڕاپۆرتە یەک لە دوای یەکەکانی یونیتاد دەردەکەوێت.

هەرچەندە پرسەکان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر مەترسیدارن، کەچی لە ئاستە یاساییەکەی، نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر بەخەمسارد ییەوە ئەم بابەتەی وروژاند؛ یونیتادی دامەزراندووە بە دەسەڵاتێکی کەمەوە و لەژێر چاودێری و هەژموونی عێراق کارەکانی ئەنجام دەدات. دەبوایە وەکوو یۆگوسلاڤیای پێشوو و ڕوواندا مامەڵەی لەگەڵ پرسەکان بکردایە. بۆ نموونە، بە بڕیاری ژمارە (٧٨٠)ی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی ئاسایش لە ٦/١٠/١٩٩٢ لێژنەیەکی هاوشێوەی یونیتادی پێک هێنا بۆ لێکۆڵینەوە؛ دوای چەند مانگێك بە بڕیاری ژمارە (٨٢٧)ی ساڵی ١٩٩٣ لە ٢٥/٥/١٩٩٣ دادگەی تاوانکاریی نێودەوڵەتیی تایبەت بە یۆگوسلاڤیا لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا. هەروەها دامەزراندنی دادگەی تاوانکاریی نێودەوڵەتیی تایبەت بە ڕوواندا بە هەمان ڕێچکەدا تێ پەڕی.

کەچی سەبارەت بە تاوانە نێودەوڵەتییەکانی داعش، دوای شەش ساڵ لە کارکردنی یونیتاد و خوێندنەوەی ١٠ (دە) ڕاپۆرتی جیاواز سەبارەت لێکۆڵینەوە و بەڵگەنامە و ڕاستییەکان لە ئەنجومەنی ئاسایش، بڕیاری ژمارە (٢٦٩٧)ی ساڵی ٢٠٢٣ باس لە کۆتاییهاتنی ئەرکەکانی یونیتاد دەکات، بێ ئەوەی بزانرێت ئەو هەگبە پڕ لە بەڵگەنامە و شایەتییەی یونیتاد، چیی بەسەر دێت و چۆن دادگەکانی عێراق و وڵاتان سوودی لێ وەردەگرن. ئاراستەی عێراق ئەوەیە کە ئەم بەڵگەنامانە وەکوو بەڵگەنامەی ناوخۆیی عێراقی تۆمار بکرێن و دەوڵەتی سێیەم ناتوانێ بەبێ ڕەزامەندیی عێراق سوودی لێ وەرگرێ. ئەمەیش بەڵگەیەکە کە پرۆسەی دادگەییکردنی داعش لە عێراق و لە تەواوی جیهانیش، بەسستی بەڕێوە دەچێت و پرۆسەکانی دادگەییکردنی سەرانی  داعش بەناوخۆیی بکرێت.

**بەناوخۆییکردنی دادگەییکردنی سەرانی داعش**

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یونیتادەوە نیشانەکانی بەناوخۆییکردنی دادگەییکردنی سەرانی داعش بەدەرکەوتن، کە گشت ئەو ئەرکانەی لە سەرەوە باس کراون بە ڕەزامەندی و هەماهەنگیی حکوومەتی عێراق ئەنجام دەدرێت؛ بۆ نموونە یونیتاد لە پێدانی بەڵگەنامەکان بە وڵاتی سێیەم بۆ دادگەییکردن سەرانی داعش، پێویستە ڕای دەسەڵاتدارانی عێراق وەرگرێت.

یونیتاد خراوەتەوە ژێر دەسەڵاتی عێراقی: وەکوو ئاماژەمان پێ دا، بە داواکاریی عێراق، یونیتاد دامەزرا و نیوەی پێکهاتەکەی هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقین و، کۆتاییپێهێنانیشی بە داواکاریی عێراق دەبێت. کەواتە

عێراق دەیەوێ دەرەنجامی کارەکانی یونیتاد بکات بە بابەتێکی عێراق؛ ئاراستەکان زیاتر لەوەی بەرەو بەنێودەوڵەتیکردن بڕوات، بەرەو بەناوخۆییبردن دەڕوات.

بە شێوەیەکی گشتی عێراق دوورەپەرێز (متحفظ) بووە لە پرسی یاسای نێودەوڵەتی و دادگە نێودەوڵەتییەکان. بە واتایەکی تر، کاتێك دەستوور و یاساکانی عێراق باس لە پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان دەکەن، مەبەستیان زیاتر داڕشتنی سیاسەتی دەرەکیی عێراقە نەوەک یاسایەکی نێودەوڵەتیی پابەندکار جێبەجێ بکەن. عێراق زۆر بەدەگمەن لە بەردەم دادگە نێودەوڵەتییەکان- بۆ نموونە دادگەی دادی نێودەوڵەتی و دادگەی تاوانکاریی نێودەوڵەتی لە لاهای- ئامادە بووە. بەڵام لە پرسی ڕەوانەکردنی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی تورکیا، عێراق هیچ کارتێکی سیاسی و سەربازیی لەدەست نەمابوو، بۆیە بەناچاری پەنای بردە بەر دادگەی نێودەوڵەتی بۆ ناوبژیوانی لە پاریس و، سکاڵای دژی تورکیا بەرز کردەوە. عێراق تا بۆی کراوە خۆی بەدوور گرتووە و دوورەپەرێز بووە لە ناوەندە یاسایی و دادوەرییە نێودەوڵەتییەکان.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە باسی بکەین؛ عێراق لە جیاتی "بەنێودەوڵەتیکردن"ی پرسی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی، کە لە بەرژەوەندیی پرسی ئێزیدییەکانە بەتایبەتی، هەوڵی "بەناوخۆییکردن"ی ئەم پرسە دەدات؛ واتا بچووککردنەوەی بابەتەکە؛ واتا دووبارەکردنەوەی دادگەی باڵای تاوانکاریی عێراقی بەڵام بە شێوەیەکی تر. هەروەکوو بینیمان، دادگەی باڵای تاوانکاریی عێراق کە بۆ دادگەییکردنی سەرانی بەعسی دانرا، تاوانە نێودەوڵەتییەکانی دژی کوردستانی تێدا، کران بە کەیسی ناوخۆیی، کاریگەرییەکەی سنووردار کرا بە ناوخۆی عێراق و نەتواندرا ئەو تاوانە گەورانەی کە دژی میللەتەکەمان ئەنجام درابوو، بکرێت بە پرسێکی نێودەوڵەتی و کاریگەریی لەسەر گشت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروست بکات؛ هاوشێوەی هۆلۆکۆست و تاوانەکان لە ڕوواندا و یۆگوسلاڤیای پێشوو و هتد.

مەترسییەکەیش لەوەدایە کە دادگەی ناوخۆیی دابمەزرێت و دوور لە چاودێریی نێودەوڵەتی کارەکانی ئەنجام بدات. لەوانەیە ئەم دادگەیە بکرێت بە ئامرازێك لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە و تۆڵە لە نەیارە سیاسییەکانیان لە کوردستان و سوننە بکەنەوە. دادگەییکردنی پرسێکی گرنگی وەکوو جینۆساید، پێویستیی بە دادوەر و لێکۆڵەری دادی و شارەزای نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ ئەوەی لە پرۆسە جۆربەجۆرەکانی دادگەییەکە بەشدار بن. یونیتاد ئەرشیفێکی گەورە لە بەڵگەنامە و شایەت دژی سەرانی داعش پێشکەش بە عێراق دەکات؛ پێویستە بەلاڕێدا نەبرێت و، یونیتاد و نەتەوە یەکگرتووەکان نەکرێنە دەرەوە پرۆسەی دادگەییکردنی داعش.

### سیاسەتی گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ عێراق

لە ساڵی ١٩٩١ەوە عێراق "کێشەی سەروەری"ی هەیە. لە ماوەی نێوان ١٩٩١ – ٢٠٠٣ خرایە ژێر گەمارۆیەکی توندی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. عێراق نەیدەتوانی لە ڕووی ئابووری و سیاسی و یاساییەوە سەروەریی خۆی وەکوو دەوڵەتێکی ئاسایی پیادە بکات. دواتر لە ساڵی ٢٠٠٣ کەوتە ژێر دەسەڵاتی سەربازی و سیاسیی توندی وڵاتان، بەتایبەتی ئەمریکا و ئێران، کە تاوەکوو ئەمڕۆش دەستێوەردانی ئەم دوو وڵاتە لە حوکمڕانیی عێراقدا ئاشکرایە.

سیاسەتێکی فرەلایەن و فرەڕەهەند هەیە بۆ گەڕاندەوەی سەروەریی عێراق، کە لە ساڵانی حوکمڕانیی نووری مالیکی لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠١٤ هەستی پێ کراوە و بەتایبەتی دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی

نێوان عێراق و ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٨ و کشانەوەی هێزە ئەمریکییەکان لە کۆتاییی ساڵی ٢٠١١. کەچی دواتر دوای داگیرکردنی ڕووبەرێکی فراوان لە خاکەکەی لەلایەن ڕێکخراوی داعشەوە، عێراق مەجبوور بوو ڕێگە بە گەڕاندنەوەی هێزە سەربازییەکانی هاوپەیمانیی جیهانیی دژی داعش بدات و، لە سەرووی هەموویانەوە هێزەکانی ئەمریکا.

لایەنگرانی سیاسەتی گەڕاندنەوەی سەروەری، ڕەنگدانەوەی بەسەر ناوی هاوپەیمانیی دروستکردنی حکوومەتی "محەمەد شیاع سوودانی" هەبووە و ناوی لێ نراوە "هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت". ئیدارەی دەوڵەت و سەروەری، هاوواتان، چونکە ئیدارەی دەوڵەت کارێکی هەرە ئاساییی هەموو حکوومەتێکە لە جیهان؛ بەڵام نەدەکرا ناوی لێ بنرێت "هاوپەیمانیی سەروەری (تحالف السيادة)، لەبەر ئەوەی سوننەکان کە بەشدارن لە حکوومەتەکەی ئێستا، ئەو ناوەیان لە هاوپەیمانێتییەکەیان ناوە.

هەروەها لە ٥/١/٢٠٢٠ وەکوو کاردانەوەیەك لە دوای هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق داوای دەرکردنی هاوپەیمانان لە عێراق و گەڕاندنەوەی سەروەریی عێراقی کرد. نیشانەیەکی تری سیاسەتی گەڕاندنەوەی سەروەری، بریتییە لە بڕیاری دادگەی باڵای ئیتحادی، تایبەت بە نادەستووریبوونی ڕێککەوتننامەی عێراق و کوێت دەربارەی "خۆر عەبدوڵڵا" کە لە ڕێکەوتی ٤/٩/٢٠٢٣ دەرکرا و، تاکلایەنە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی دوولایەنەی نێوان کوێت و عێراقی لە ٢٩/٤/٢٠١٢ ڕاگەیاند؛ واتە دادگە داوای گەڕاندنەوەی سەروەریی خاکی عێراق بۆ سەر خۆر عەبدوڵڵا دەکات.

هەندێ جار هەست دەکرێت لایەنگرانی سیاسەتی گەڕاندنەوەی سەروەری، زیادەڕەویی تێدا دەکەن: لە ئاستی ناوخۆیی بە شێوەی دژەفیدراڵییەت کار دەکەن و لە جیاتی جێبەجێکردنی فیدراڵییەت، داوای بەناوەندیکردنی توند لە بەغداوە دەکەن. هەروەها سیاسەتی گەڕاندنەوەی سەروەری لە ئاستی نێودەوڵەتی بەو شێوەیە کاری لەسەر دەکرێت کە بابەتێکی وەکوو جینۆساید کە سروشتێکی تەواو نێودەوڵەتیی هەیە، بچووك بکرێتەوە و بەناوخۆیی بکرێت، یان بە شێوەی کاردانەوەیەکی توند دژی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم سیاسەتە دەرکەوێت.

**کاردانەوەکانی عێراق بەرامبەر نەتەوە یەکگرتووەکان**

جیاواز لەو لێژنە نێودەوڵەتییانەی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەسەر عێراقدا سەپێنران، یونیتاد لەسەر داوای عێراق دامەزراوە و چوارچێوەی کارکردنی بۆ داناوە. لێرەدا چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو: بە مەبەستی چارەسەرکردنی پرسەکانی دوای جەنگی کوێت لە ساڵی ١٩٩١ و چەکداماڵینی عێراق، دوو کۆمیسیۆن لە نەتەوە یەکگرتووەکان دروست بوون: یەکەم، کۆمیسیۆنی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان (ناسراو بە یونسکۆم UNSCOM) لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٩ دامەزرا؛ دووەم، کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاودێریکردن و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون (ناسراو بە یونمۆڤیک UNMOVIC) لە نێوان ساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٧ دامەزرا.

هەروەها کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەرەبووکردنەوە (ناسراو بە UNCC) لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٢٢ بەسەر عێراق سەپێنرا؛ لەم ڕێگەیەوە بڕی زیاتر لە (٥٢) ملیار دۆلاری قەرەبووی زەرەرمەندی جەنگی کوێت (١٩٩٠-١٩٩١)، خرایە سەر ئەستۆی عێراقییەکان و بەشە بوودجەی عێراق. لە

پرۆسەیەکی (٣١)ساڵیدا قەرەبووەکان درانەوە بە کەس و کۆمپانیا و دەوڵەتانی زەرەمەند لە جەنگی کوێت لە ڕەگەزنامە جیاوازەکان.

ئەمانەی سەرەوە چەند نموونەیەکن لەوەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان چۆن خۆی بەسەر عێراقدا سەپاند؛ ئێستایش وای کردووە کە ئەم وڵاتە بە هەستێکی کاردانەوە بەرامبەر نەتەوە یەکگرتووەکان کار بکات. لە نامەکەی وەزیری دەرەوەی عێراق (بڕوانە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (S/2023/654) لە ڕێکەوتی ٧/٩/٢٠٢٢) بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر بەڕوونی داوای کۆتاییهێنان بە یونیتاد دەکات لە ماوەی ساڵێکدا؛ لە هەمان کاتدا داوایان لێ دەکات کە ئەو بەڵگەنامانەی یونیتاد بەدەستیان کەوتووە، نەدرێت بە دەوڵەتی سێیەم بە مەبەستی دادگەییکردنی داعش. ئەم جۆرە داواکارییانە، ئاماژەن بۆ نەمانی متمانەی عێراق بە یونیتاد لە لایەک و، لە لایەکی ترەوە نیشان دەدات کە یونیتاد لەژێر ڕکێفی عێراق کار دەکات. بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە ٢٦٩٧ی ساڵی ٢٠٢٣ داوای لە یونیتاد کردووە کە بە ڕەزامەندیی عێراق ئەم بەڵگەنامانە پێشکەشی دەوڵەتی سێیەم بکات. عێراق دەیەوێت بەڵگەنامەکانی یونیتاد، بکات بە بەڵگەنامەی ناوخۆیی عێراقی، دواتریش تەنیا لەلایەن دادگە ناوخۆییە عێراقییەکانەوە بەکار بێت.

کاردانەوەکانی عێراق بەرامبەر نەتەوە یەکگرتووەکان لەوانەیە بگاتە ڕاددەیەك کە داوای کۆتاییهێنان بە نێردراوی هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق (ناسراو بە یونامی UNAMI) ببێتە بەشێکی تر لە سیاسەتی داهاتووی عێراق. یونامی زیاتر لە (٢٠) ساڵە چالاکە لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی و یاساییی عێراقییەکان. ڕاستە یونیتاد، لە ئاستی چاوەڕوانی و ئاوات و خەمی قوربانیان نەبووە، بەڵام با نەتەوە یەکگرتووەکان فۆرمێکی تری کارکردن پەیڕەو بکات، یان دەسەڵاتەکانی یونامی بەرفراوان بکات و بابەتی دادگەییکردنی سەرانی داعش لە ئەستۆ بگرێت.

**کۆبەند**

کۆتاییهێنان بە نێردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، مەترسیی شاراوەی هەیە بۆ هەرێم و پێکهاتەکانی تری عێراق. ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە لە ساڵی ٢٠٠٣وە وەکوو چاودێرێك بۆ پرسە عێراقییەکان و وەکوو ناوبژیکارێك لە کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر دەرکەوتووە. ئامادەبوونیان، گەرەنتییەکە بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، چونکە پرسە ناوخۆییە گرنگەکانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣وە، بە بەرنامەی کاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گرێ دراون. پێویستە هەرێمی کوردستان بەهەستیارییەوە لە پچڕانی هێڵی پەیوەندیی نێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان بڕوانێت و، کار لەسەر ئەوە بکرێت کە ئەم هێڵە بمێنێتەوە و زیاتر پەرەی پێ بدرێت.